# دکتۆر نوری تاڵەبانی :دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان هیچ روویەکی قانونی نییە.

سمکۆ عەبدولکەریم

پێویستە بگوترێ کە ئەم چاوپێککەوتنە پێش دەست لەکار کێشانەوەی دکتۆر نوری تاڵەبانی کراوە لە سەرۆکایەتی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان ، چونکە چەند رۆژێکە دکتۆر نوری تاڵەبانی داوایەکی پێشکەش بە کۆمسیونی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق کردوە و داوای دەست لە کار کێشانەوەی کردوە ، چونکە کاندیدکراوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەم روەوە راستەوخۆ وەڵامیئەو پرسیارانەی داینەوە .

*ئێوە قسەتان چییە لەسەر ئەو جۆرە پێکهاتنەی کوردستان کە یەکێتی و پارتی و چەند حیزبێکی تر لیستێکی هاوبەشیان دروست کردووە ، لەسەر رێژەی کورسییەکانیش بۆ هەر یەك لە حیزبەکان رێککەتوون .

*بە گویرەی قانونی هەڵبژاردن دەنگ بە لیست دەدرێ ،بەڵام لە لیستەکەشدا دەنگەکە بۆ ئەو کەسە دەبێ کە ناوی لە لیستەکەدا هاتوە ،ئەمەش بە پێی زنجیرەی ناوەکان دەبێ، کەواتە ئەو حیزبانەی لیستی هاوبەش پێکدێنن ،لیستەکە چۆن ئامادە دەکەن،بەتایبەتی یەکێتی و پارتی کە قەرارە وەك یەك بن ،ئەگەر هاتوو ئەنجامی دەنگەکان تاك دەرچوو،ئەمە چۆن دەبێ ؟

- تا ئێستا لەوە ئاگادار کراونەتەوە کە ئەم لیستە هاوبەشەی کوردستان لە چەند حیزب پێکهاتووە و حیزبەکان کێن ؟
- لە بەرامبەر ئەو لیستەی یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی تر کە بڕیارە بە یەك لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن ، لیستی منافس هەیە ؟
- ئەگەر لیستی منافس نەبوو لە بەرامبەر لیستە هابەشەکە، هەڵبژاردن لە کوردستان چۆن دەبێ ؟
- رێژەی دەنگەکان چۆن دیاری دەکرێ هەر لیستێك بۆ مسۆگەرکردنی کورسییەك پێویستی بە چەند دەنگ دەبێ ، ئایا ئەمە بەپێی ژمارەی دەنگدەرەکان دەبێ کە بەشدارییان کردووە،یان بە گوێرەی ئەو ژمارەیە دەبێ کە بۆیان هەیە بەشداری دەنگدان بکەن ؟
- واتە رێژەی لەبەرچاو گیراو کە بۆیان هەیە بەشداری هەڵبژاردن بکەن و بەشداری ناکەن هیچ کاریگەرییەکی نابێ ..؟
- ماوەیەکی کەم لە بەردەم هاوڵاتیاندا ماوە بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لە فۆرمی دەنگداندا کراوە ، هەڵەکانیش یەك شێوەیە ، لە هەولێر لە 90٪ی هاوڵاتیان ناوەکانیان بە هەڵە تۆمارکراوە ئێوە پێتان وا نییە کە ئەمە بە دەستی ئەنقەست بێ ؟
- سەبارەت بە کوردەکانی دەرەوەی کوردستان و عێراق وەك ئاگادارین رێگە دراوە بەشداری هەڵبژاردنی عێراق بکەن ، بەڵام رێگەیان پێنەدراوە بەشداری هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بکەن ، لەم روووەوە ئێوە قسەتان چییە و تا ئێستاچیتان کردووە بۆ ئەم مەسەلەیە ؟
- بەڵام وەك لە رێگەی سایتەکانی ئینتەرنێت دیارە بەشێك لە کوردەکانی دەرەوە دژی بەشداریکردنی هاوڵاتیانی کوردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن بە بۆچوونی ئێوە ئەمە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ؟

- بەڵام کوردەکانی دەرەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان واتە لە دەستدانی کەرکوک ؟
- شتێك ماوە لە کۆتایی دا بیڵێی ؟

- پێکهێنانی لیستی هاوبەش کارێکی قانونییەو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە پێی بریاری ژمارە (97) رێگەی داوە کە چەند پارت و رێکخراوێکی سیاسی لە چوارچێوەی یەك لیستدا بەشداری هەڵبژاردن بکەن ، ئەوەش کە تا ئێستا دەبینیین لە کوردستان هەر دوو حیزبی دەستەڵاتدار لەگەڵ چەند حیزب و رێکخراوێکی تر رێککەوتوون کە بە یەك لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن ،ئەوەش رێگەی لە رێکخراو و قەوارەی ساسی تر نەگرتووە بۆ ئەوەی بەشداری هەڵبژاردن بکەن ، تا ئێستاش کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق رەزامەندی لەسەر چەندین رێکخراو و حیزبی سیاسی داوە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن کە بەشێکیان هاوکاریان نەکردووە لەگەڵ ئەو لیستەی باسی لێ دەکەن کە هەردوو پارتی سەرەکی کوردستان پێکیانهێناوە .

- پاش ئەوەی هەڵبژاردنەکان کۆتایی دێت و ئاکامەکان رادەگەینرێ دەردەکەوێ کە لیستی ئەم حیزبە چەند کورسی بە دەست هێناوە ، بەڵام ئەو شتەی کە ئێستا لەسەری رێککەوتوون کە ئەوەندە کورسییە بۆ ئەم لایەنە و ئەوەندە بۆ ئەو لایەنەی تر ، ئەوە شتێکی تایبەتییە و لە نێوان خۆایندا ،هیچ روویەکی قانونی نییە .

– دەنگ بە لیست دەدرێ ، چ پارتێکی سیاسی بێ یان قەوارەیەکی سیاسی ، بەڵام بە گوێرەی رێزبەندی ناوەکانی ئەو لیستە ،بۆیە پارت و قەوارە ساسییەکان نا توانن دەستکاری ئەو رێزبوندیە بکەن . بۆ نموونە ئەگەر بە پێی ژمارەی دەنگەکان لیستێك لە (12) ناو پێکهاتبوو ، تەنیا (3) کورسی بەدەست هێنا ، تەنیا ژمارەی 1و 2 و 3 لەو لیستەدا دەبنە خاوەنی ئەو سێ کورسییە ، پارت یان رێکخراوە سیاسییەکە ناتوانێ یەکێکی دیکە بخاتە جێگای یەکێکیان . هەمان پرەنسیپ پەیرەو دەکرێت بەنسبەت لیستی هاوبەشەوە ، گەر لەو لیستەدا کە ناوی ئەندامانی چەند حیزب و رێکخراو و تاکە کەسی تێدا بێ ، رێژەی ئەو دەنگانەی ئەو لیستە بە دەستی دەهێنێ نەگاتە ئەو رادەی هەموویان دەربچن ، کورسییەکان بە گوێرەی ریزبەندی ناوەکان دابەش دەکرێت کە لەو لیستە هابەشەدا دیار کراون . بە کورتی ژمارەی ئەو دەنگانەی هەر یەکە لەو لیستانەی کە بەشداری تێدا دەکەن شێوەی دابەشکردنی کورسییەکان دەستنیشان دەکات .

- تا ئێستا بە شێوەیەکی رەسمی ئاگادار نەکراوینەتەوە کە ناوی ئەو لایەنە سیاسی یانەی کە رێککەتوون بە یەك لیست بەشداری هەڵبژارد بکەن کێن ، بەڵام وەك دیارە یەکێتی و پارتی لەگەڵ یەك رێککەتوون .
- بەڵێ لیستی منافس هەیەو بڕیاریان داوە بە جیا بەشداری هەڵبژاردن بکەن ، کە ئەمەش سیمایەکی دموکراسی بە هەڵبژاردنەکە دەدات .

- ئەم پرسیارە وا بزانم لە جێگەی خۆی دا نییە ، چونکە لیستی منافس هەیەو ، چەند لیستێك بڕیاریان داوە بەشداری هەڵبژاردن بکەن .
- ئەمە پەیوەندی بە ژمارەی بەشداربوانەوە هەیە ، ئەوانەی کە بە فعلی بەشداری دەنگدانیان کردوە . بۆ نموونە لە پەرلەمانی کوردستان (111) کورسی هەیە ، لەوکاتەدا ژمارەی دەنگدەرەکان دابەشی سەر ئەو (111) کورسییە دەکرێ ، ئەو کاتە دەردەکەوێ کە هەر لیستێك بۆ مسۆگەرکردنی کورسییەك پێویستی بە چەند دەنگ هەیە ، بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراقیش بە هەمان شێوە ژمارەی دەنگدەران دابەش دەکرێت بە سەر (275) کە ژمارەی ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنەیە .
- نەخێر بەشداری نەکردنی ئەوانەی کە بۆیان هەیە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردن هیچ کاریگەرییەکی نابێ ، ئەمە نەك هەر بە پێی یاسای هەڵبژاردن لە عیراق ، ئەمە لەسەر ئاستی جیهانیش هەروایە . هەندێ جار لە هەندێ وڵات رێژەیەك دیاری کراوە ، کە دەبێ بەشداری هەڵبژاردن بکەن ، بۆیە کاتێك رێژەی بەشدابووان نەگاتە ئەوەی کە دیاری کراوە ، ئەوە لە رووی قانونییەوە پەسند ناکرێ ، و دەبێت هەڵبژاردنەکە دووبارە بکرێتەوە ، بەلاّم بۆ عیراق ئەم رێژەیە دیاری نەکراوە ، تەنیا رێژەی بەشداربووان لەبەرچاو دەگیرێ و رێژەی کورسییەکانیش بە گوێرەی ژمارەی بەشداربووەکان دەبێ نەك بە پێی ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە .
- ئەو هەڵەیە لە ( سلێمانی و دهۆك ) یش هەیە ، بەلاّم کەمترە و لە هەولێر زیاترە ، هەندێ بۆ چوون هەیە کە دەڵێ ئەمە بە ئەنقەست وا کراوە ، من باوەڕ ناکەم ، چونکە لە سەر ئاستی عیراقیش ئەم جۆرە هەلاّنە کراون و هەیە ، وەك ئاگادارکراینەوە و یەکێك لە نوێنەری کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژاردن کە چەند رۆژێك بەر لە ئێستا لێرە بوو گوتی : ئەمە لە شارەکانی تریش رووی داوە بۆ نموونە لە عمارە ، بۆیە لێرەوە داوا لەو هاڵاتیيانە دەکەم کە ناوەکانیان بە هەڵە تۆمارکراوە هەوڵ بدەن بە زووترین کات سەردانی بنکەکانی تۆمارکردن بکەن بۆ راستکردنەوەی ئەو هەلاّنە ، چونکە ماوەی کەم لە بەردەم ئەو خەڵکەدا ماوە ، ئەوانەش کە دەیانەوێ شوێنی دەنگدانیان بگۆڕن لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر ، بۆ نموونە خەڵکێکی زۆری شاری کەرکوك لە هەولێر و سلێمانی و شارەکانی تر دەژین ، دەتوانن بۆ دەنگدان بگەڕێنەوە کەرکوك ، ئەمەش دوای ئەوەی کە فۆڕمەکانیان وەردەگرن و دەیبەنەوە کەرکوك و داوا دەکەن کە ناویان لەوێ تۆمار بکرێ بۆ ئەوەی مافی ئەوەیان هەبێت لە کەرکوك بەشداری هوڵبژاردن بکەن .
- دەربارەی ئەو بڕیارەی کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژاردنەکان لە عیراق کە لەوە دەچێت دراسەیەکی باش نەکرابێ کە بڕیاریان داوە ئەو عیراقییانەی لە دەرەوەن مافی ئەوەیان هەبێ بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراق بکەن ، ئێمە لە 2004/11/29 نووسراوێکمان نارد بۆ کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژادنەکان لە عیراق ، داوامان لێکردن کە بەو بڕیارەدا بچنەوە ، چونکە ئەمە بڕیارێکی ناڕەوایە ، ناکرێت خەڵکی کوردستان لە دەرەوە نەتوانن بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بکەن ، رەنگە بەشداریکردنی ئەو خەڵکە لەسەر ئاستی ئوستانەکان کێشە و تەگەرە دروست بکات ، بەلاّم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکی نییە ، زۆر بە ئاسانی جێبەجێدەکرێ ، هەرهەمویان ناسنامە یان پاسەپۆرت یان هەر دیکومێنتێکی تریان هەیە بۆ ئەوەی بسەلمێنێ کە ئەو خوڵکی هەرێمی کوردستانە . لێرەوە داوا لە کوردەکانی دەرەوە دەکەم هەر کاتێ رێگەیان پێدرا ، بە زووترین کات بچن ناوی خۆیان

تۆمار بکەن لەو شوێنانەی کە بۆیان دیاری دەکرێت ، لێرەوە جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە کە ئەگەر هاولاَتیانی کورد بەشدارییەکی کاریگەریان نەبیَ ئەوە سەنگی کورد لە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقی وەکو پێویست نابیَ ، ئەوکاتەش رۆلێکی ئەوتۆمان نابیَ لە دارشتنی دەستوری هەمیشەیی عیراق کە دەبیَ هەموو مافەکانی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی روونو ئاشکرا تێدا بچەسپیَ هەر لەو دەستورەدا دەبیَ بتوانین سنوری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی روون دەست نیشان بکەین ، ئەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراون بگێرینەوە سەر هەرێمی کوردستان .

- من ناتوانم بلێم ئەوە هۆی چییە ، رەنگە هۆیەکەی ئەوە بیَ کە پرۆسەی هەلبژاردن بە شێوەیەکی روون نەخرابێتە بەرچاویان وەکو ئاگادارین ، خەلکی کوردستان بەشێکی زۆریان بەشداری هەلبژاردنەکان لە سەر ئاستی عیراق و کوردستان دەکەن ، بە تایبەتی بۆ هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق ، چونکە ئەو ئەنجومەنە دەسەلاَتی ئەوەی دەبیَ حکومەتێکی شەرعی عیراقی پێکبهێنیَ و پرۆژەی دەستوری هەمیشەیی عیراق ئامادەبکات ، کە ئەمەش دەمێکە بریاری لەسەر دراوە چ لەو کۆنگرەیەی کە لە مانگی دیسەمبەری سالَی 2002 لە لەندەن بەسترا کە زۆربەی زۆری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق تێدا بەشدابوون ، دواتر لە قانوونی کاتی بەرێوەبردنی دەولەتی عیراق بۆ ماوەی گواستنەوە کە لە 8ی ئازاری سالَی 2004 جارێکی تر ئەم پرنسیپانە پەسندکران ، بۆیە ئەگەر بێت و خەلکی کوردستان بەشداری لەو پرۆسەیە نەکەن ، مانای ئەوەیە ئێمە ئەو مافانەی کە هەمانە و ئەوانەش کە دەمانەویَ بیچەسپێنین کە مافی رەوای گەلی کوردستانە نا توانین لە دەستوری هەمیشەیی عیراق بیچەسپێنین.
- بەداخەوە چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوك پاش رزگارکردنی عیراق لە ئاداری 2003 دواخرا و بپێی قانونی دەولەتی عیراقی بۆ ماوەی گواستنەوەداواکرا کە ئایندەی کەرکوك و سەرجەم ناوچە تازە ئازاد کراوەکان بهێلدرێتەوە بۆ پاش ئەنجامدانی هەلبژاردن و دانانی دەستوری هەمیشەیی ، بۆیە دەبێت ئەو مەسەلەیە لە رێگەیەکی ترەوە چارەسەر بکریَ نەك لە رێگەی ئەوەی کە بەشداری هەلبژاردنێك بکرێت و لەوی تریان بەشداری نەکرێت . لەمەدا کورد دەبێت یەك هەلویێست و یەك دەنگی هەبێت ، یان بەشداری لە هەموو هەلبژاردنەکان بکات چ لەسەر ئاستی عیراق یان ئەنجومەنی ئوستانی کەرکوك ، یان بەشداری لە هیچیان نەکات ، نەك بەشداری یەکێکیان بکات و بەشداری ئەوی تریان نەکات لەم رووەوە من وەکو کوردێك دەلێم چاکترە بەشداری کردنمان لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی عیراقیش بەند بکەین بە جیَ بەجێکردنی بەندی (58) لە قانوونی بەرێوەبردنی دەولەتی عیراق لە ماوەی گواستنەوەدا ، کە بەداخەوە حکومەتی عیراقی لەم رووەوە هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە بۆ خۆشمان بەرپرسین لەوە ، چونکە ماوەیەکە ئەم ناوچانە ئازاد کراون، کارێکی جیدی نەکراوە بۆ ئەوەی باری ئاسایی ئەو ناوچانە بگێردرێتەوەبۆ باری ئاسایی خۆی ، ئێستاش کورد لە بەردەم ئاستەنگێك دایە پێویستە هەلوێستی خۆی دەست نیشان بکات بۆ بەشداریکردن لە سەرجەم هەلبژاردنەکان یان بەشداری نەکردن ، کێشەی کەرکوك دەبێت بەو شێوەیە چارەسەر بکرێت کە ئەو ناوچانە بەشێکن لە کوردستان و پێویستە بگەرێتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان .

- ئەوەی کە ئێستا داوای دەکەم ئەوەیە کە خەلکی کوردستان یەك هەلوێستیان هەبیَ ، ئەگەر بریارە بەشداری هەلبژاردن بکەن ، ئەوە تێکرابەشداری هەلبژاردنەکان لە سەر ئاستی عیراق و کوردستان و

ئوستانەکان بکەن ، چونکە ئەمە تەنیا رێگەیە بۆ ئەوەی بتوانین مافەکانمان لەم شێوەیەی کە خۆمان دەمانەوێ لە دەستوری هەمیشەیی بچەسپێنین ، هەوڵیش بدەین ناوچە تازە ئازادکراوەکان بگەڕێنینەوە باوەشی هەرێمی کوردستان ...